# چەند ڕێنموییەك بۆ :

# پەروەردەكردنی منداڵەكانمان

## لەسەر بەرنامەو ڕێبازی پێشین

دایكی سوننە

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين، أما بعد:

به ڕاستی منداڵ بەخششو نیعمەتە لە خوای پاكو بێگەردەوە, دڵ خۆش دەبێت بە بینینیان، و هەروەها چاو گەش دەبێت بە بینینیان دەرونیش خۆش حاڵ دەبێت بە خۆش حاڵیان وە یەكێك لە پاڕانەوەكانی پێغەمبەر زەكەریا ﷺ:

﴿وَزَكَرِيَّآ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥ رَبِّ لَا تَذَرۡنِي فَرۡدٗا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ٨٩﴾ (الأنبياء: 89 ).

واتە: ئەی پەروەردگارم بە تەنهایی مەمهێڵەوەو تۆش چاكترینی ئەوانەی كە دەمێننەوەو لەناو ناچیت .

وە منداڵ جوانیو ڕازاوەییەكی ژیانی دونیایە هیچ كەسێك گەورەیی ئەو نیعمەتە نازانێ جگە لەو كەسانە نەبێت كە بێ بەشن لێی, دەبینیت ماڵو كاتی سەرف دەكاتو دەبەخشێ لە پێناوی گەڕان بۆ چارەسەری ئەوەی كە تووشی بووە .

جا خوشكی ژیرو بەڕێزم: تۆش وەكو دایكێكی بەرپرسیار لە بارەی ئەم ئەمانەتەی كە خوای گەورە داویەتە سەرتدا بۆ ئەوەی هەڵگری بیت, بزانە كە بەڕاستی ئەم ئەمانەتە (پەروەردە كردنی منداڵەكانت) ئەمانەتێكی گەورەیەو, بشزانە خوای گەورە پرسیارت لێ دەكات لە دواڕۆژدا لێت دەپرسێت كە ئایا پاراستووتە یان فەوتاندووتە؟

وە بشزانە نرخو جوانیو ڕازاوەیی نەوەكان، تەواو كامل نابێت ئیلا بە ئاینو ڕەوشت جوانی نەبێت ئەگەر وانەبێ ئەوا دەبێت بە بەڵا لەسەر دایكو باوك لە دونیاو دوا ڕۆژدا .

پێـــشینان زۆر ســـوور بوونـــه لەســـەر هەستانی ڕاستەوخۆی خۆیان بـەم گرنگیـە کـە ئەویش گرنگی پـەروەردە کردنـی منـداڵ بـووە وەك چۆن دەگێڕنـەوە کـە خەلیفـەی عەباسـی (**المنصور**) ناردی بۆ لای ئەوانەی کە لە زیندانا بـوونو پێیـانی ووت: تونـدترینو سـەخترین شتێك کـە هاتبێـت بـە سـەرتاندا چیبووە لـەم زیندانەدا؟ ووتیان: ئەوەی لـە دەسـتمان چـوو لە پەروەردەی منداڵەکانمان .

کەوابوو چەند شتێك پێویستە لەسەر منو تــۆیش تایبــەت بــەو منداڵانـــەمان کــە لــە ســـەرووی حـــەوت ســـاڵانـــەوەیە, ئـەوەش لــــە ڕووی ئیمـــانیو کۆمـــەڵایـــەتیـــــەوە, ئاشکراشە کە ڕووە پەروەردەییەکان زۆر زۆرن بـەڵام مەجالەکـە ئەوەنـدە فـراوان نیـەو ڕێگـە نــــادات بـــــە بــــاسکردنی هــــەموو ڕووە پــــەروەردەییەکــانی تــر، بــــە هــەر حـــاڵ گـرنگترینی ئـــــەو شتـــانەی کـە پێویـستن ئەمـــــانـــەن:

1- سووربــە لــەســـەر پـــــاراستنی بیروبــــاوەڕیـــان لـەوەی کـە تێکـی دەدات, کــەوابـــــوو دووریـــــان بخــــەرەوە لــــە بەکارهێنانی: چــاوەزارو، تــەمیمـە (واتــە: مــوروی هەڵواسراو بـە نیـازی پارسـتنی)، وە دەســـت خوێندنـــــەوە لـــــە لایـــــەن فـــاڵچیو... جگە لەمانەش .

قوئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لە دڵیاندا زۆر بە گەورە ڕاگـرە، گومـانیش لەوەدا نییە کە بڵاو بوونەوەی ئەو ڕووشـێنەرو تێکدەرانـــەی بیروبــاوەڕ وەك خوێندنـــەوەی دەست لە نێو فێرخوازاندا لە قەتابخانەدا تەنها هۆکـاری نـەزانینو بـێ ئاگـاییو کەمتەرخـەمی دایکـــان و باوکانـــە لـــە ئاراســـتە کـــردنو هۆشیارکردنەوەی منداڵەکانیاندا .

2 ـ سوور بـە لەسـەر چـاندنی بـاوەڕ لـە دڵەکانیاندا بە چاودێری کردنی خوای گەورە بە سـەریانەوە, وە تێبفکـرێ لـە وەصـیەتەکەی لوقمان بۆ کورەکەی:

﴿ يَٰبُنَيَّ إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثۡقَالَ حَبَّةٖ مِّنۡ خَرۡدَلٖ فَتَكُن فِي صَخۡرَةٍ أَوۡ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ أَوۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ يَأۡتِ بِهَا ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٞ ١٦ ﴾ (لقمان: 16 ).

واتە: ئەی کوڕی ئازیزم بەڕاسـتی ئەگـەر گوناهێـك بـە قـەدەر تۆسـقاڵە خەردەلەیـەك هەبێت لەناو بەردێکدا یان لە ئاسمانـەکان یـان لە زەویدا حەشار درا بێت ئەوا خـوای گـەورە دەیهێنێتەوە مەیدانو دەیخاتە ڕوو .

وە ئەوەیان بۆ باسکەن کە خـوای گـەورە چـــاودێریان دەکـــاتو ئاگـــادارە بـــە ســـەر

كردارەكانیانــەوە ... لــە (ثابـــت) ی كـوری قەیسەوە ﷺ لـە ئەنەسـەوە ﷺ دەگێڕنـەوە كە فەرموویەتی:

(أتى علي رسول الله ﷺ وأنا ألعب مــع الغلمان، قال: فسلم علينا، فبعثني إلى حاجـــة، فأبطأت على أمي، فلما جئت قالت: ما حبسك؟ قلت: بعثني رسول الله ﷺ لحاجة، قالت: مـــا حاجته؟ قلت: إنها سر، قالت: لا تحدثن بـــسر رسول الله ﷺ أحدا، قـــال أنـــس: والله! لـــو حدثت به أحدا لحدثتك، يا ثابت)[1] .

واتە: پێغەمبەری ﷺ خـوا هـات بـۆ لام و منیش یاریم دەكرد لەگەڵ منداڵەكانداو سەلامی لـێ كردین, جا منی نارد بۆ پێویـستیەكیو دوا كـەوتم بـۆ گەڕانـەوەم بـۆ لای دایكـم، كاتێـك گەڕامەوە پێی ووتم: چی وا دوایخستی؟ منیش ووتم پێغەمبـــەری خـــوا ﷺ نـــاردمی بـــۆ پێویـــستیەكی خـــۆی, ئـــەویش ووتـــی پێویستیەكەی چی بوو؟ ووتم ئەو كارەی نهێنی بوو . ئەویش وتی نهێنیەكەی پێغەمبەری خـوا ﷺ بـۆ هـیچ یـەكێك ئاشـكرا نەكـەی، ئەنـەس فەرموی: قەسەم بە خوای پـەروەردگار ئەگـەر بـۆ هــەر یــەكێك بیگێڕمــەوە ئــەوا بــۆ تــۆم دەگێڕایەوە ئەی (ثابت) .

جا تەماشای كـە چـۆن ئـەو دایكـە سـزای نـەدا كاتێـك كـە كوڕەكـەی نهێنیەكـەی لێـی شــاردەوە؟ هــەر وەك چــۆن هەنــدێك لــە ئافرەتانی ئەم سـەردەمە دەیكـەن! ! ! بـەڵكو هەنــدێكان پرســیارێكی زۆر دەكــەن لێیــان سـەبارەت بـە تایبەتمەنـدی ئـەو ماڵانـەی كـە دەڕۆنـە ماڵیـان! ! ! وە ئـەوەش كـە لەلایانـدا ڕوودەدات! ! ! وە بــەوەش بــەدوا گــەڕانو زانینی نهینیەكان لە دەروونیدا دەچێنیت بەبێ ئەوەی دایكەكە بە خۆی بزانێت! !

3 ـ بەبەردەوامی ئەوەیان بۆ بـاس بكـەن كەخوای گـەورە (عزيز ذو انتقام) ە، واتـە: بـە توانــاو تۆڵەســێنەرە بــۆ ئــەو كەســانەی كــە سەرپێچی دەكەن, وە هەروەها لێخۆشـبوو بـە بەزەییە بۆ ئـەو كەسـانەی كـە تۆبـە دەكـەنو دەگەڕێنــەوە، وە مــردنو توندوتیــژی قــەبرو تاریكییەكەی وەنارەحەتیەكانی ڕۆژی دواییـان بۆ باس بكەو بیریان خەرەوەو, هانیـان بـدەن لەسەر تاعەت، بەتایبەت نوێژكان, چـاودێریان بكەن تیایداو بەخەبەریان بێننەوە لەخەو بۆی, وە پلەو پایەی لەدڵیاندا زۆر گەورە ڕاگرە, وە وریابـە لـەو بەزەییـەی كـە دەبێتـە ڕێگـر لـە

---

(1) (رواه مسلم).

بەخەبەر هاتنەوەیان, ئەوەی کە تۆو ئەوانیش بەرەو ئاگر دەبات پەنا بە خوای پەروەردگار .

ڕایانبێنە بۆ ڕۆژووگرتن لە تەمەنی منداڵیدا بۆ ئەوەی ئاسان بێت لە تەمەنی پێگەیشتنیاندا، وە وایان پێ بکەن کە هەست بکەن بە چاودێری خوای پەروەردگار بۆیان، کە ڕۆژوو گەورەترین پەروەردەکارە بۆیان بۆ هەست کردنیان بە چاودێری خوای پەروەردگار.

4 ـ چاودێری منداڵەکانت بکەو وازیان لێ نەهێنیت‌و ئیهمالیان نەکەی کە خەمساردی بکەن لە ئەنجامدانی تاوانەکان‌و تۆش ئاگەدار بیت, ئامان بێدەنگ مەبە کە ئاگاداریو دەزانی کچەکەت گوێ بیستی گۆرانی دەبێت، یان بۆیە دەدات لە نینۆکیو دەست نوێژ دەگرێت بەبێ ئەوەی لایببات, یان مووی دەموو چاوی هەڵ دەگرێت‌و لایدەبات، یان قژی کورت دەکاتەوە لەسەر ئەو کورت کردنەوانەی کە حەرامن, یان کەمتەرخەمی لە بەشێك لە حیجابی شەرعی دەکات یان خەم ساردی تیا بکات، بەوەی کە عاباکەی بڕازێنێتەوە یان بیداتە سەر شانی, یان خۆی بۆن خۆش بکات لە کاتی دەرچوونیدا, یان هەر بەشێك لە لەشی دەربخات, یان خۆی بە تەنها بڕوات بۆ بازاڕ یان شوێنە گشتیەکان یان لەگەڵ سایەقدا خۆی بە تەنها سواری سەیارە بێت, یان خەم ساردیو کەم تەرخەمی بکات لە لەبەرکردنی جلو بەرگی ڕووت‌و کورت کراوە, یان گۆڤاری خراپ‌و ڕووخێنەرەکانی هەبێت, وە زۆر وریا بە لەوەی کە تەلەفون بخەیتە ژووری تایبەتی خۆی, چاودێریشی بکەی لە دوورەوە وە ئاگاداربە لەوە کە زیادەڕەوی بکەی لە سیقە پێکردنیداو وە لەو وەسوەسە زیادڕەویانەی کە لەوانەیە کاریگەری بکاتە سەر کچەکەت‌و متمانەی بە خۆی نامێنێت.

پاشان وریابە ئەی دایکی بەڕێز بیانوو بەوە بێنیتەوە بەوەی کە دەسەڵاتت بە سەریانەوە نییەو, پێت ناخۆشە ئەو تاوانە ئەنجام! ! ! بەڵکو دەسەڵات دارو، بەتوانابە لە حەق‌و ڕاستیداو، ڕازی مەبە بە شتی ناڕەواو, لەسەرخۆو نەرموونیان بە لە جگە لەمانە, بە بەردەوامی بیر بکەرەوە لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێ:

(ومن كانت له ابنتان فأحسن إليهما كن له ستراً من النار)(2) .

---

(2) (رواه البخاري ومسلم).

واتە: هەرکەسێك دوو کچی هەبێت وچاك بێت لەگەڵیاندا ئەوا دەبن بە پارێزەرو بەربەست بۆی لە ئاگر .

شێخی پایەبەرز ( **ابن باز** ) (بە ڕەحمەت بێت) فەرموویەتی:

(والإحسان إلى البنات يكون بتربيتهن التربية الإسلامية؛ وتعليمهن وتنشئتهن على الحق والحرص على عفتهن وبعدهن عما حرم الله من التبرج وغيره, وهكذا تربية الأخوات والأولاد الذكور, إلى غير ذلك من وجوه الإحسان حتى يتربى الجميع على طاعة الله ورسوله والبعد عما حرم الله و القيام بحق الله سبحانه وتعالى, وبذلك يعلم أنه ليس المقصود مجرد الإحسان بالأكل والشرب والكسوة فقط. بل المراد ما هو أكبر من ذلك من الإحسان إليهم من عمل الدين والدنيا)(3) .

واتە: چاکەکاری لەگەڵ کچاندا بە پەروەردە کردنیان دەبێت بە پەروەردە کردنێکی ئیسلامیانەو فێر بکرێنو پەروەردە بکرێن لەسەر حەقو سووربوون لەسەر پاراستنیانو دوورخستنەوەیان لەوەی کە خوای گەورە حەرامی کردووە لە تەبەروج و جگە لەوەش, وە هەر بەم شێوەیە پەروەردە کردنی کچانو کوڕان لە منداڵەکان جگە لە مانەش لە ڕووی چاکەکاریەوە تاکو هەر هەموو پەروەردە دەبن لەسەر گوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ, و دوورکەوتنەوە لەوەی خوا حەرامی کردووەو هەستان بە حەقی خوای بالادەست, وە بەئەمەش بزانە کە مەبەست تەنها چاکەکاری نییە لە خواردنو خواردنەوەو جلوبەرگ کردن نییە, بەڵکو مەبەست لەوە گەورەترە لە چاکە کاری بۆیانو لە گەڵیاندا لە کارو کرداری ئاینو دونیا .

وە هەروەها لە هەمان سەرچاوەدا (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت:

(وإن الحديث عام للأب والأم).

واتە: بە ڕاستی باسەکە گشتیەو دایكو باوکیش دەگرێتەوە .

5 ـ منداڵەکانت وریا بکەرەوە لە هاوڕێی خراپو خراپێتی هاوڕێتی کردنیان بۆ ڕوون بکەرەوە: پرسیارێك ئاراستەی ئەو کەسانە کرا لە یەکێك لە ناوەندەکانی منداڵپاریزی لە شارێك لە شارەکانی میرنشینی سعودیە بوون سەبارەت بە هێنانیان بۆ ئەم ناوەندە؟ وەڵامی (75 ٪) یان هۆکارو پاڵنەری

(3) (مجموع فتاوى ومقالات متعددة: 4 / 377).

ئـەوەیان گەڕانـدەوە بـۆ هـاوڕێی خـراپ!!!! کـەوابوو بیانپـارێزن لێیـان, وە هـەروەها لـە کۆڵان وخراپییەکەی وایـان لـیٚ بکـەن وا ڕایـان بهێنن کـە کاتـەکانیان تـەرخان بکـەن بـۆ ئـەو شتانەی کە سوودی هەیە بۆیان وەکـو قورئـان لەبەرکردن لە مزگەوتـدا, وە بەشـدار بـوون لـە ناوەندی پشووی هاوینەیی، پاشـان وریابـە لـە هێنانی دز بۆ ماڵەکەت, بەڵیٚ دزی بیرووبـاوەڕو شـــەرەف!!! بـــە هـــۆی ئـــەو ئـــامرازە زیانبەخشانەی کە هەن بـە تایبـەت سـەتەلایت ئەگـەریش چـی مەبەسـتت دڵ خـۆش کردنیـان بێت .

یـەکیك لـە بانگەشـەکاران دەڵێـت: ئـەو باوکەی کە سەتەلایت پێشکەش بە منداڵەکانی دەکات, لە ڕاسـتیدا منداڵـەکانی پێـشکەش بـە سەتەلایت دەکات؟!!!!

شێخ ( **السعدی** ) (بە ڕەحمـەت بێـت) لـە تەفـسیرەکەیدا دەڵێـت: هـەر کەسـێك واز لـە شتێك بێنیٚو نەفسیشی حەزی لیٚ بکات خـوای پەروەردگار پاداشتی دەداتەوە بە لەوە باشـتر لـە دونیـاو دوا ڕۆژدا, وە هـەر کەسـێك واز لـە تاوانو سەرپێچی بێنیٚ لەبەر خوا، و نەفسیشی حەزی لێبێت ئەوا خوای پـەروەردگار پاداشـتی دەداتەوەو دەیکات بە ئیمان لـە دڵیـداو سـنگ فراوانیو سنگ کردنەوەو بەرەکـەت لـە ڕۆزیو تەندروستی لە جەستەیدا, لەگـەڵ ئـەوەش کـە بـۆی هەیـە لـە لای خـوای پـەروەردگار لـە پاداشتی خوای پەروەردگار کـە هـیچ توانایـەك نییە لەسەر وەصف کردنی .

6 ـ پاشـان وریابـە ئـەی ـ خوشـکی خوێنـەرم ـ لـە دوعـا لێکردنیـان ئەگـەر چـی تـوڕەش بوویـت تـاکو لەگـەڵ ئـەو کاتـەدا نـەگونجیٚ کـە دوعـای تێـدا وەردەگـیریٚ وە دوعاکەت گیرا بێت, بەڵکو دوعـای خێریـان زۆر بۆ بکە .

پێـشەوا (القـــرطبي) ئەفـەرمووێت: هـیچ شتێك چاوی ئیمانـداری پـیٚ گەشـاوەو ئـارام و ڕوونکـەرەوە نابێـت وەك ئـەوەی کـە خێـزانو منداڵەکانت ببینیت کە گوێڕایەڵ بـن بـۆ خـوای پەروەردگار .

داوا دەکـــەین لـــە خـــوای پـــەروەردگار چاکسازی نیەتو زوڕڕیەتمان بکات وە بینکاتە ڕوونکەرەوەو ئارامی چاومان لە دونیاو دوارۆژدا, وە یارمەتیشمان بـدات لەسـەر هـەڵگرتنی ئـەم سپاردەیە .

وَآخرُ دَعْوَانا أَن الْحَمْدُ للّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ